عەزم ڕێکخۆتنێک لەگەڵ فراکسیۆنە سیاسییەکان بۆ تێپەڕاندنی سەرکی پەرلەمان ئاشکرا دەکات

ئەمە دووشەممە، فراکسیۆنی هاوپەیمانی عەزم لە پەرلەمان، جەختی کردەوە لە بوونی ڕێکخۆتن لەگەڵ چەند لایەنێکی سیاسی بۆ دەنگدان بە موسەنا سامەائی بۆ پۆستی سەرکی پەرلەمان.

ڕێعد دەهلەکی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنەکە، بەپێی ئاژانسی هەواڵی فەرمی کەموتەڕع بەدواداچوونی بۆ کردووە ڕایگەیاند: "فراکسیۆنەکە ڕێکخۆتنی لەگەڵ هەندێک لایەنی سیاسی هەیە بۆ دەنگدان بۆ کاندیدەکەمان 'موسەنا سامەائی' بۆ پۆستی سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران."

ئاماژەی بەوەشکرد: "متمانەیەکی زەرمان بە پەرلەمانتاران هەیە کە هەڵبژاردەی ئێوان بە کەسێک بێت کە دامەزراوەکان بونیاد دەنێت،" ڕوونیشیکردەوە کە "فراکسیۆنی گۆڕە و زەر هەن و گرەو لەسەر سەرکۆتنی سامەائی دەکەین بە وەرگرتنی پستەکە."

شایەنی باسە، هاوپەیمانی تەقەدوم دوێنێ "هەیبەت حەلبوسی" وەک کاندیدی خۆی بۆ پۆستی سەرکی پەرلەمان پێشکێش کرد، لە بەرامبەردا هاوپەیمانی عەزم ناڕازایەتی بەرامبەر ئەم کاندیدکردنە دەربڕی و جەختی کردەوە کە کاندیدی عەزم بە سەرکایەتی پەرلەمان تەنیا موسەنا سامەائییە، ئاماژەی بەوەش دا کە هەر قسەیەک دەربارەی کشانەوەی کاندیدکردنی ئەو، دوورە لە ڕاستییەوە.